# شەونم

هۆنراوەی (44)

دل ازمن برد و روی ازمن نهان کرد

دڵی بردم بە ناز و تەرکی مەی کرد
ئەتۆخوا کێ لەگەڵ کێ ئەو گەمەی کرد
لە تەنیایی وەگیان هاتم بەیانی
بژی یادی بە لوتفێکی بەمەی کرد
وەکوو لالەی دڵم با پڕ لە خوێن بێ
لە دەس چاوی بە زوڵمێکی لە مەی کرد
شەماڵ ئەی چارەسازم بێنە بۆنی
گوڵم ، دڵ ئارەزووی ئەو گوڵ دەمەی کرد
وەها سووتاندمی وەک شەم کە بۆ من
دەفر گریا و دەف و نەی زەمزەمەی کرد
لە کوێ بیڵێم کە پاش زامی جەرگ بڕ
حەکیم بۆ کوشتنم قەستی قەمەی کرد
لە نێو یاران چ دەتوانم وەگێڕم
کە یاری من ئەوەی فەرموو ئەمەی کرد
کەوان ئەبرۆ جەفای دوژمن نەکردووی
لەگەڵ حافز بەتیری ئەو چەمەی کرد

حافزی حەقیقی